

# نهێنییەکانی عەشقی داهێنەر

## لە نووسینەکانی محەمەد ئیقبالدا

**ئان ماری شیمیل**

**و: خالید مەجید فەرەج**

محەمەد ئیقبال ٩ی نۆڤەمبەری ١٨٧٧ لە سیالکۆت لە بەنجاب لەدایک بووە، ساڵی ١٩٣٨ لە لاهور کۆچی دوایی کردووە. زۆری لەسەر نووسراوە بە زمانەکانی ئینگلیزی و فارسی و ئۆردی و چەندین زمانی تر، هەندێکیان رەخنەی لێدەگرن و بە کۆنەپەرستی دادەنێن، هەندێکی تریشیان دەیخەنە ریزی پێشکەوتووخوازانەوە. هەرچەند بکەین دوو کەسمان چنگ ناکەوێت لە خوێنەران یان ئەوانەی ئیقبالیان خۆشدەوێت، یەک بۆچوونیان دەربارەی هەبێت. ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە نووسینەکانی محەمەد ئیقبال پێکهاتەیەکی ناوازەو گرنگن لە فیکری خۆرهەڵاتی و خۆرئاوایی و باشترین وەسف بۆ پەیڕەو و نووسینەکان و ئەو شتانەی ئەو باوەڕی پێ هێناون، لەم رستەیەدا دەردەکەوێت کە لە کۆبوونەوەی رابیتەی ئیسلامی لە ئەحمەد ئاباد لە هیندستان لە گوتارەکەیدا هاتووە کە دەڵێ: (ئەو پیاوێکە باوەڕی وایە کە ئایین ئەهمییەتێکی باڵای لە ژیانی کەسان و دەوڵەتەکاندا هەیە، هەروەها باوەڕیشی وایە کە ئیسلام قەدەرە، بەڵام قەدەرێکە کە ناگۆڕێ).

# لێکۆڵینەوە

محەمەد ئیقبال لە سیالکۆت لەدایک بووەو لە لاهور دەستی بە خوێندن کردووە، دواتر لە زانکۆی کامبردج دەرسی فەلسەفەی هیگڵ و حقوقی خوێندووە، ماوەیەکی کورت لە ئەڵمانیا بووە و پاشان گەڕاوەتەوە لاهور، بە کاری پارێزەرییەوە خەریک بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو هەر لە بنەڕەتەوە کەسێکی خاوەن فیکرو شاعیر بووە، لە ساڵەکانی ١٩٣١-١٩٣٢دا، چەند جارێک بانگهێشت کراوە بۆ کۆنگرەو بۆنەی گرنگ، هەروەها بۆ مێزگردی لەندەن.

ئەو لە ساڵی ١٩٣٠دا هەڵوێستی خۆی بەتەواوەتی ئاشکرا دەکا بە بینینی پەنجاب و ناوچەکانی سنووری ژوورووی رۆژئاوا (بە کشمیرەوە) لەگەڵ بلوجستان لە یەک دەوڵەتی یەکگرتوودا، کە ئێستا پێی دەڵێن پاکستان. هەروەها دەیویست رێگە بە موسڵمانەکان بدرێت بۆ بەشداریکردن لە دانانی سیستەمی خوێندن و ئەو یاسایانەی کە خەونی پێوە دەبینین، ئەوە بە ڕاشکاوی لە گوتارەکەیدا بەناوی (گوتاری پاکستان) کە ساڵی ١٩٣٠ خوێندییەوە دەردەکەوێت.

ئیقبال بەتەنها سیاسی نەبوو، بەڵکو فەیلەسوف و شاعیریش بوو، لە سەرەتای ژیانیدا چەند قەسیدەیەکی بە زمانی ئوردی نووسی، یەکەم دیوانی بەو زمانە ساڵی ١٩٢٤ بەناوی (بانگی دەرا)، بڵاوکردەوە. ئەمە دوای دیوانە فارسییەکەی بوو، کە ساڵێک لەوەپێش بەناوی (پەیامی مەشریق) بڵاوی کردبووەوە. ئەو قەسیدانەی کە بە فارسی نووسیبوونی کاریگەرییەکی تایبەتییان هەبوو، هەروەکو پاشتریش بۆمان دەردەکەوێ، ئەو قەسیدانەی بە ئوردی نووسیوونی لەسەر شێوازی تەقلیدی بوون، بەڵام ساڵی ١٩١٢ ئیقبال بۆ یەکەمین جار بە شیعر شکاتی لە قەدەر کرد، کاتێک ژیان و گوزەران و بارودۆخی ئەوروپای بینی، هەستی بەوە کرد کە ئەرکی سەرشانییەتی داکۆکی لە موسڵمانەکانی هیندستان بکات. لە قەسیدە نایابەکەیدا کە لەژێر ناوی (شەکوا) دایە دەڵێ: (ژیان هەمووی سەخت بووە، ئەوەتا شارستانییە کۆنەکەیان رۆڵی نەماوە، لەوە دەچێ خودا ئەوانی لەیاد چووبێ). بەڵام لە شیعرێکی تریدا کە دوابەدوای ئەو نووسیوویەتی بەناوی (جەوابی شەکوا) دەڵێ: (خودا دەرسیان دادەدا و خراپەکانیان وەبیر دێنێتەوە، ئەو فەرمانانەی پێی سپاردوون بەجێیان نەهێناوە، ئاگاداریان دەکاتەوە کە فەرزەکانی ئاینەکەیان وەلا نەنێن، خۆشەویستیی خوداو پێغەمبەر لەیاد نەکەن). ئەم قەسیدەیە دەروازەیەکە بۆ قۆناغێکی نوێ لە ژیانی محەمەد ئیقبالدا.

لێێ دەگێڕنەوە کە شاعیری سۆفیی مەزن مەولانا جەلالەدینی رۆمی هاتووەتە خەوی و داوای لێ کردووە کە قەسیدەیەکی مەسنەوی بە فارسی بنووسێت ، بەواتا ئیلهام لە قەسیدە بەناوبانگەکەی رۆمی (مەسنەوی)یەوە وەربگرێت.

ئیقبال شوێن خەوەکە کەوت و ئیدی بە فارسی نەک بە ئوردی دیوانی (رموزی بێ خود)ی نووسی کە ئیتر ناوبانگی دنیای گرتەوە، بەڵام رووبەڕووی گەلێک رەخنەو هێرش بووەوە، ئەوان دەڵێن: ئیقبال لە تەقلیدەکانی شیعری فارسی و ئوردی لای داوە، چونکە بەپێی ئەو تەقلیدانە زاتی شاعیر دەتوێتەوەو وەکو بۆنی گوڵ بە ئاسماندا هەڵدەکشێ، ئیقبال پێی باش نەبوو شیعرێ بنووسێ ئەو دڵۆپە لاوازی تیابێ، ئەو دەیگوت ئەو دڵۆپە هەرچی زووە لەناو دەچێ و باڵندیەک قوتی دەدا، بە پێچەوانەی ئەڵماسی پتەوەوە، کە لە هەرکوێیەک بێت دەدرەوشێتەوە، بەپێێ ئیقبال تەنها هێزە کە دەهێڵێ ئەو شتانەی کە لە وجوددان بمێننەوە.

ئەم بۆچوونانەی لای خوێنەرە هیندییەکان نامۆ

# ئیقبال دەڵێ: ئایین لە دوورگەی عەرەبی لەدایك بووەو پەیڕەوەكانی چرابوون بۆ موسڵمانەكانی سەرەتای ئیسلام و سۆفییەكان

نەبوون و پەردەی لەسەر ڕێگەیەکی تازەی لە مامەڵەکردن لەگەڵ ژیاندا لە نووسینەکانی ئیقبالدا هەڵدایەوە، لە رابردوودا ئەو لە لایەنگیرانی مامۆستا (مکتا گارت)ی خاوەی قوتابخانەی هیگڵی نوێبوو لە کامبردج، بەڵام دواتر بەلای بۆچوونەکانی پرگسۆن (پاڵنەری زیندوو) فەلسەفەی هێز رووی خۆی وەرگێڕا، کە ویستی ڕێگەیەکی لە کولتووری ئیسلامدا بۆ بدۆزێتەوە، ئەوە کارێکی ئاسان نەبوو، بەڵام دڵنیام کە لەسەر هەق بوو، هەروەکو وتم ئەو دیوانە نایابەکەی (پەیامی مەشریق) ساڵی ١٩٢٣ بە فارسی بڵاوکردەوە، ئەوە کتێبێکی ئازیزە لەلای ئێمەی ئەڵمان، چونکە یەکەمین و تەنها بەدەنگەوە چوونە لەلایەن خاوەن کتێبێکی ئیسلامەوە بۆ کتێبە بەناوبانگەکەی گۆتە (دیوانی ڕۆژئاوایی دانەری ڕۆژهەڵاتی). کە یەکەمین نووسینە بە ئەڵمانی لەژێر کاریگەریی شیعری ئیسلامیدا نووسرابێ، بەتایبەتی فارسی، پاش ئەوە کۆمەڵێ قەسیدەی تری لەژێر ناوی (زەبوری عەجەم)دا نووسی و ساڵی ١٩٣٢ دیوانێکی تری بەناوی جاویدنامە بڵاوکردەوە.

لە نەزەری مندا ئەمەیان گرنگترین نووسراوی ئیقباله، کە تیایدا مرۆڤ دێنێتە بەرچاوی خۆی، چۆن لە فەلەکێکەوە بەرەو فەلەکێکی تر بە ڕێنمایی مەولانا جلالەدینی رۆمی دەڕوا، مرۆڤ لە زەوییەوە هەڵدەکێشێ تا داوین پلە کە بەختەوەری ئەبەدییە، دوای ئەوەی لەگەڵ سەرنشینانی حەوت هەسارەکەدا دەربارەی ژیانی سیاسی و شیعرو سۆفیگەری و ئایین و بابەتەکانی تر دەکەوێتە گفتوگۆ. ئەو کتێبە گەنجینەیەک بیرو بۆچوونی ناوازەی لەخۆگرتووە، کاتێک وەرمگێڕایە سەر زمانی ئەڵمانی و تورکی، وتم ئەمە کتێبێکە دەبێ هەموو کەس بیخوێنێتەوە. دوای ئەوە دیوانەکانی تری دێن، کە بە ئۆردی نووسیونی، (باڵی جوبرائیل) هەروەها کۆمەڵە شیعرێک بەناوی (زەربی کەلیم) واتا لێدانی موسا، کە تیایدا رەخنەی سیاسیی توندی لە دنیای ڕۆژئاوا و ئەو کەسانەی کە تەقلیدی ئەو ژیانە دەکەنەوە، گرتووە.

دوای مردنی لە ٢١ی ئەپریلی ١٩٣٨ هەموو ئەو هۆنراوانەی کە بڵاونەکرابوونەوە بەناوی (دیاریی حیجاز)ەوە بڵاوکرایەوە، کە تیایدا دەردەکەوێت زۆر حەزی کردووە سەردانی حیجازو شوێنە ئیسلامییە پیرۆزەکان، بەتایبەتی قەبری پێغەمبەر بکات.

ئیقبال دەستپێکردنی شیعری لەسەر شێوازە تەقلیدییەکەی فارسی و ئوردوو بوو، بەڵام کاتێ لە ساڵی ١٩١٥دا ( ئەسراری خودی) نووسی، لێرەوە ڕۆحی عەرەبی دۆزییەوە، بێگومان شتێکی چاوەڕواننەکراو بوو بۆ هاوچەرخەکانی خۆی، کە بینییان رەخنە لە حافیزی شیرازی و ئەفلاتۆن دەگرێ، خەڵکانی ئاگادار دەکردەوە کە نەخەڵەتابن بەناو باخچە جوانەکانی ئێراندا بگەڕێن، هانی دەدان بگەڕێنەوە بۆ لمەکانی دوورگەی عەرەب، تاوەکو لەوێ ئاوی زەمزەم لەجیاتی شەرابی فارس، کە مەردم لەهۆش خۆی دەخا بخۆنەوە. ئێستا دەتوانین وەبەر چاوی خۆمانی بهێنینەوە چۆن خەڵکانێک خاوەنی کولتوورێکن، کە تەنها بەو شیعرە راهاتوون باس لە گوڵ و بولبول و شەراب و هەموو جوان و نەرمونیانێک لە دنیادا دەکا، هەڵوێستیان چۆن بووە، بەڵام ئیقبال ئەوەی وەبیر خوێنەرانی دەهێنایەوە، ئەگەر ئاسک حەرمی مەکە جێ بهێڵێ دەکەوێتە داوای ڕاوچییانەوە، بەم پێیە ئەگەر موسڵمانان ناوەندی ئایین و جەوهەرەکەیان خافڵ کرد نێچیرێکی ئاسان دەبن و دەکەونە داوی ئەوروپییەکانەوە.

ئیقبال دەڵێ: ئایین لە دوورگەی عەرەبی لەدایک بووەو پەیڕەوەکانی چرابوون بۆ موسڵمانەکانی

ئیقبال دەستپێکردنی شیعری لەسەر شێوازە تەقلیدییەکەی فارسی و ئوردوو بوو، بەڵام کاتێ لە ساڵی ١٩١٥دا (ئەسراری خودی) نووسی، لێرەوە ڕۆحی عەرەبی دۆزییەوە، بێگومان شتێکی چاوەڕواننەکراو بوو بۆ هاوچەرخەکانی خۆی، کە بینییان رەخنە لە حافیزی شیرازی و ئەفلاتۆن دەگرێ، خەڵکانی ئاگادار دەکردەوە کە نەخەڵەتابن بەناو باخچە جوانەکانی ئێراندا بگەڕێن

# لێکۆڵینەوە

سەرەتای ئیسلام و سۆفییەکان، کە جیهادیان لە پێناوی پاراستنیدا دەکرد دژی زیادڕەوی لە پیادەکردنی فیکری یۆنانی بۆ تەفسیری ئایینی ئیسلام. دواین وشەی ئیقبال ئاگاداری بوو لە کەوتنە داوی فیکری یۆنانییەوەو تەفسیرکردنی قورئان لە روانگەی ئیدیۆمەکانی فەلسەفەی یۆنانییەوە، کە ئەمەیش بێگومان لایەنێکی گرنگەو ئیقبال بەتەواوی کەوتبووە ژێر کاریگەریی ئەم بۆچوونەوە.

شتێکی سروشتییە کە ئیقبال مەرکەزی عەقیدەی خۆی، بەڵکو هەموو ژیانی خۆی لە روانگەی قورئانەوە دیاری بکات. لە کتێبی (جاویدنامە) دا کە بۆچوونە مەزنەکەی خۆی بۆ گەشت بەناو فەلەکەکاندا دەنوێنێ، فەسڵێکی بەناوی (عالەم ئەلقورئان) تەرخان کردووە، کە تیادا دەری دەخات قورئان وشەی ئەبەدی وەیان ئەزەلیی خودایی هەڵگرتووە، بۆیە ئەویش هەروەکو ئەو ئەزەلییە، هەربۆیە چەند لایەنێک و چەند سیفاتێکی وەکو هی خودای لەخۆگرتووە و هەر جارەی حیکمەتێکی تازەمان نیشان دەدات. ئیقبال باوەڕی بە بنەماکانی سۆفیگەریی تەقلیدی هەبوو. ئەو دەڵێت: (ئەگەر قورئان ئیلهام بە خودی خۆت نەبەخشێت، هەروەکو ئیلهامی بە پێغەمبەر داوە ئیتر نە شەرحەکانی رازی و نە کەشافی زەمەخشەری بەکەڵکت نایەن).

ساڵی ١٩١٧ ئیقبال دەنووسێ، کە قورئان پڕە لە خۆشیی ژیان و نوور، بۆیە جێگەی سۆفیگەری رەشبین شتی تاریک و ناخۆشی تیا نابێتەوە، ئەم رستەیە لە روانگەی فەلسەفەی دوایی ئیقبالدا شتێکی سەرنجڕاکێشە، خۆشیی ژیان و حەماسی تەواوی بۆ واتاکانی قورئان، هەروەکو بۆ پێغەمبەر دابەزی، تایبەتمەندی دەدا بە تێڕوانینی ئیقبال، کە ئەمەیش بە تەبیعەتی حال دەمانگەیێنێتە ڕۆڵی پێغەمبەر لە کارەکانی ئیقبالدا.

هەرچەند ئیقبال قەسیدەیەکی تەقلیدیی لە پیاهەڵدانی پێغەمبەردا نەوتووە، بەڵام ئاشقی بوو، لە نووسینەکانی دواییدا قەسیدەیەکی بەرچاو دەکەوێ، کە لە ئیلهامی قەسیدەی (ئەلبروده)ی بوسەیری وەری گرتووە، کاتێک نەخۆش دەکەوێ لە خەونیدا سەید ئەحمەد خان پیاو چاکی ئیسلامی لە هیند ١٨٩٧ دەبینێ بیری دەخاتەوە کە بچێ بۆ لای پێغەمبەر و داوای مەدەدی لێبکا، هەروەکو ئەوەی پێشتر بەسەر بوسەیریدا هات لە سەدەی سیانزەهەمی میلادیدا، کە بە موعجیزە چاک بووەوەو قەسیدەی ئەلبرودەی لە مەدحی پێغەمبەردا نووسی، بەڵام ئیقبال تەنها بەوەوە نەوەستا، پێغەمبەر لەلای ئەو گرنگترین بەڵگەو بەرجەستەبوونی رۆحی ئیسلامە، لە جاویدنامەدا دەڵێ: (لەوانەیە ئینکاریی خودا بکەیەت، بەڵام ناتوانی ئینکاریی پێغەمبەر بکەیت) لەلای ئەو پێغەمبەر ئیسلامی پێشکەش بە خەڵک کرد، تەفسیری ئایەتەکانی بۆ کردن، ئیقبال هەموو جارێ دەیگوت پێغەمبەر مرۆڤێکی نموونەیی بوو نەک سەد دەر سەد تەواو (کامل)، هەروەکو لە عورفی سۆفیگەریدا هاتووە، خودا بە عەبدی خۆی لە سورەتی ئیسرا ئایەتی ١ و سورەتی ئەلنەجم ئایەتی ١٠ وەسفی دەکات. بەو پێیە لای ئیقبال ئەو کەسایەتییەکی نموونەییە، هەروەکو لای سۆفییە تەقلیدییەکان، گرنگ ئەوەیە بزانین کە خۆشەویستیی پێغەمبەر لە هەموو بەرهەمەکانیدا رەنگی داوەتەوە، بۆیە دەبێ پێش هەموو لایەنەکانی تر ئاماژە بۆ ئەم لایەنە لە کارەکانیدا بکرێت.

ئیقبال باسی کەسایەتیی پێغەمبەرانی پێش محەمەدی کردووە، هەروەک باسیان لە قورئاندا هاتووە، ئەو ئیبراهیمی زۆر لەبەر دڵ بوو، لەبەر ئەوەی باوەڕی

# ئیقبال وای هەست دەکرد کە ڕۆحی بە پێغەمبەرەوە گرێدراوە

وابوو کە مانەوەی موسڵمانان پابەندە بەو یەکبوونە ئەخلاقییەوە، کە حەزرەتی ئیبراهیم نوێنەرایەتیی دەکرد، هەروەها حەزرەتی موسا ئەوەی قسەی لەگەڵ خوادا کردووە لە ئیبراهیم لەپێشتر بوو لای، بۆیە جێگەی سەرسووڕمان نییە کە دواین دیوانی بە زمانی ئوردی بەناوی (زەرب الکلیم_ لێدانی موسا) ناو بنێ، چۆن موسا شاخەکەی لەتکرد و ئاوی لە بەردەکە هێنایە دەرەوە، هەروەک چۆن بە دارەکەی دەستی ئاوی دەریای سووری لەتکرد تاوەکو گەلەکەی بپەڕێنێتەوە، شاعیر وای بۆ دەچوو کە ئێمە بە لێدانێکی بەهێز بێگومان دەتوانین ئیمانداران ڕزگار بکەین، یان لانی کەم نزیک ببینەوە لە ڕزگارکردنی موسڵمانان لەم ڕۆژەدا.

لە نەزەری ئەودا موسای دەستخاوێن نموونەی پێغەمبەری خاوەن موعجیزە بوو، (ئیقبال) ئیبراهیم و ئەو بە پشتی پێغەمبەری ئیسلام دادەنێ، ئەمەیش ڕاستە، بەڵام عیسا لە نووسینەکانی ئیقبالدا گرنگییەکی ئەوتۆی پێ نەدراوە، هەرچەند وەکو لە جاویدنامەکەیدا دەردەکەوێ بەدڵی بووە، بەڵام مەسیحییەت وەکو دیانەت لە هەردوو سەدەی نۆزدەو بیستدا لە ناخ و دەروونی موسڵماناندا لە هیند بە ئیستیعمارو ئیمپریالیستەوە بەستراببوونەوە، بۆیە مەسیح ڕۆڵێکی وای لە نووسینەکانی ئیقبال و غەیری ئەو لە خاوەن بیرو نووسەری ئەو سەردەمەدا نییە، هەروەکو شیعری کلاسیکی فارسی، بەڵام کەسایەتیی پیغەمبەر کەسایەتییەکی میحوەرییە لە کۆی بیری ئیقبالدا.

لە جەوابی شەکوادا ساڵی ١٩١٢ دەنووسێ (دنیا پاش ماوەیەکی زۆر لە تاریکی بەناوی محەمەد ئەلمونیرەوە ڕۆشن بووەوە)، لە کۆمەڵە شیعری ڕموزی بێ خودی بە چڕی گرنگیی بە سیاسەت داوەو لە هەموو دیوانەکانی تری زیاتر ڕووی کردووەتە قورئان و ڕۆڵی پێغەمبەری بە جوانترین شێوە وەسفکردووە دەڵێ: (خۆشەویستیی ڕەسوڵ وەکو خوێن بە دەمارەکانی موسڵماناندا دەگەڕێت).

ئیقبال وای هەست دەکرد کە ڕۆحی بە پێغەمبەرەوە گرێدراوە، گومانی نەبوو کە پێغەمبەر نموونەی باڵایە بۆ ئادەمیزاد، بە سیفەتێک ئەو کە عەبدی خوایە لەهەمان کاتدا سەربەست و دەستبەستراوی خودایە، ئەگەر سەیری زمانی شیعریی ئیقبال بکەین دەبینین لە دوو شوێنی دیاردا ئاماژە بە ڕۆڵی پێغەمبەر دەدات، ئاسانە لە یەکێک لەو ئیشارەتانە بگەین، بەڵام دووەمیان بە ئاسانی خۆیمان لێ ئاشکرا ناکات. ناوی دیوانی یەکەمی بە زمانی ئوردو (بانگی دەرا) یان بانگی قافڵە لێرەدا شاعیر بە دەوری ئەو زەنگوڵەیە هەڵدەستێ، کە بەدوای حوشترەکەی پێغەمبەرەوە گرێدراوە، تاوەکو بە دەنگەکەی ڕێگەی مەککە نیشانی خەڵکی بدات، ئەم تەشبیهەمان بە ئاسانی بۆ لێکدەدرێتەوە، کە چ مەبەستێک دەگەێنێ، ئیشارەتی دووەم لە جاویدنامەدا بەرچاو دەکەوێت، کاتێک هەندێک لەو ڕۆحییانەتانەی کە نیشتەجێی تەبەقەکانی ئاسمانن لە جلالەدینی ڕۆمی دەپرسن هاوڕێی سەفەرەکەت بە واتا ئیقبال ناوی چییە؟ وەڵامیان دەداتەوە و دەڵێ ناوی (ڕووباری زیندووە)، ئەمە ناوێکی شاعیرانەو جوانە و کاتێک دەگەڕێینەوە بۆ لای (گۆتە)، کە ئوستادی گەورەی ئیقبالە دەبینین لە قەسیدە سەرەتاییەکانا پێغەمبەری بە ڕووبار شوبهاندووە، دەڵێ ئەو ڕووبارێکی بەهێزە، ئەم شاعیرە ئەڵمانییە ئەم تەشبیە لە سروودی محەمەددا وا دەردەخات (چۆن ڕووبارێک لە سەرچاوەیەکی بچووکەوە دەست پێدەکات، گەورەو فراوان دەبێ و دەبێتە زەریای پان و بەرین و دنیا دەتەنێ). لێرەدا

ساڵی ١٩١٧ ئیقبال دەنووسێ، کە قورئان پڕە لە خۆشیی ژیان و نوور، بۆیە جێگەی سۆفیگەری ڕەشبین شتی تاریک و ناخۆشی تیا نابێتەوە، ئەم ڕستەیە لە ڕوانگەی فەلسەفەی دوایی ئیقبالدا شتێکی سەرنجڕاکێشە، خۆشیی ژیان و حەماسی تەواوی بۆ واتاکانی قورئان، هەروەکو بۆ پێغەمبەر دابەزی، تایبەتمەندی دەدا بە تێڕوانینی ئیقبال، کە ئەمەیش بە تەبیعەتی حال دەمانگەێنێتە ڕۆڵی پێغەمبەر لە کارەکانی ئیقبالدا

# لێکۆڵینەوە

دەتوانین پێغەمبەر بێنینەوە بەرچاوی خۆمان، چۆن لە سەرەتادا کانییەکی بچوک بوو پاشان گەورە بوو، تاوەکو لە هەموو دنیا خەڵک باوەڕی پێهێنا، ئیقبال ئەم قەسیدەیەی گۆتەی وەرگێراو لە پەیامی مەشریقدا بڵاوی کردەوە، بەڵام هیچ کام لە گۆتەو ئیقبال نەیاندەزانی کە موتەکەلیمێکی شیعە لە سەدەی دەهەمیندا بەناوی (کلەینی) بەهەمان شێوە وەسفی پێغەمبەری کردووە.

ئیقبال لە نووسینەکانیدا هەست دەکا کە شوێن پێی پێغەمبەر کەوتووە، ئەو خۆی پێغەمبەر نییەو مرۆڤێکی ئاساییە، بەڵام دەیەوێ بەردەوام لەگەڵیدا بێ، ئەمە لە قەسیدەیەکیا دەردەکەوێ کە تیادا حەزدەکا زیارەتی قەبری پێغەمبەر بکا، هەرچەندە ئەو خۆی حەجی نەکردووە بەڵام لە کۆپلەیەکدا دەڵێ:

(من پیرێکم دڵم بۆ ڕۆشتن بۆ مەدینە لێ دەدا/ تاوەکو لەوێ سرودێک بڵێم پڕبێ لە خۆشەویستی/ هەروەکو مەلێک لە شەوی بیاباندا

باڵەکانی کردووەتەوە، بەڵام بیر لە هێلانەکەی دەکاتەوە).

ئەوە چەقی بیرکردنەوەی بوو، دەتوانین شتێکی تریش بخەینە سەرخۆشەویستییەکەی بۆ پێغەمبەر، لە فەسڵی پێنجەمدا لە کتێبە بەناوبانگەکەی (چەند موحازەرەیەک دەربارەی تازەگەری لە فیکری ئیسلامدا). بە حیکایەتی متەسەوفێکی هیندی لە ناوەڕاستی سەدی شانزەهەمی زاینی دەست پێدەکا، دەڵێ (محەمەدی عەرەبی بەرەو بەرزترین پلەکانی سەماوات ڕۆیشت، دوایی گەڕایەوە، سوێندم بەخودا ئەگەر من بگەیشتمایەتە ئەو مەقامە نەدەگەڕامەوە).

ئیقبال دەڵێ: ئەوە هەڵوێستی متەسەوفێکی گەورەیە کە دەیەوێ لە نیعمەتی ئەبەدیدا بمێنێتەوە واتا لە حوزوری خودادا، هەرگیز نەگەڕێتەوە بۆ دنیای خوارەوە، بەڵام پێغەمبەر دەگەڕێتەوە بۆ لای خەڵک تاوەکو باسی تاقیکردنەوەی نزیک بوونەوەی لە خودایان بۆ بکات و خەڵکی بزانن چ وەحێکی لە خوداوە دراوەتێ بەتەبیعەتی حاڵ ئەوە پیادەکردنێکی سەرنجراکێشە بۆ گوتەیەک کە لە مێژووی ئاینەکاندا هاتووە، کە جیاوازی دەکا لەنێوان ڕێڕەوی سۆفی و ڕێڕەوی پێغەمبەرایەتی لە ئاییندا. بێگومان ئیقبال نوێنەرایەتیی پەیڕەوەکەی دووەمیانی کردووە، هەموو کۆششێکی بۆ ئەوە بوو کە خەڵکان لە هەست و تاقیکردنەوەکانی خۆی ئاگادار بکاتەوە.

ئەم نموونەیە زۆر بە ڕوونی لە ژیانی پێغەمبەردا دەردەکەوێ نازانم ئیقبال تەواو بەم شێواز بیری کردبێتەوە، بەڵام پێغەمبەر کاتێ لە ئەشکەوتی حەرا بۆ یەکەمین جار وەحیی بۆ هاتە خوارەوە، هاتە دەرەوە و ئەوەی بە خەڵکی ڕاگەیاند، ئەوکاتەشی کە لە هەوڵی بڵاوکردنەوەی ئایینەکەیدا بوو، مەککەی بەجێهێشت و بەرەو جیهانی بەرین ڕۆیشت، تاوەکو دەوڵەتێک دروست بکات، کە بناغەی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی پێک بهێنێت، ئەم ئاڵوگۆڕە کە ئیقبال پێی دەڵێ (الجلوه والخلوه) بەشێوەیەکی ڕاشکاو لە لایەنەکانی تری بیری ئیقبالدا دەردەکەوێ، بەتایبەتی کاتێ پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە ژیان دوودیو یان ڕووی هەیە، هەموو دەزانین کە ژیان لە نێوان دوو جەمسەردا نەبێ دروست نابێ: لێدانی دڵ، هەناسەدان، هەموو شتێک لەسەر دوانەیی دروست دەبێت، هەروەکو گۆتە دەڵێ: (لە هاتوچۆکردنی هەناسەدا دوو نیعمەت هەن، جارێک لە هەڵمژینی هەواو جارێک لە هاتنە دەرەوەی).

بیرمە کاتێک لە زانکۆی ئەنقەرە مامۆستابووم، ویستم قوتابییە موسڵمانەکانم فێربکەم کە چۆن فەیلەسوفی ئەڵمانی ڕۆدلف ئۆتۆ خودای بە مەفهومی سڕی

# بەپێی ئیقبال دەبێ ئایین هێزی لەگەڵدابێ، هێز بە تەنیا ترسناك و شەیتانییە گەر لە ئاین داببڕێ

گەورە یان سڕی دڵفڕێن وەسف کردووە، یەکێک لە قوتابییەکان هەڵساو وتی: ئێمەی موسڵمانان هەزار ساڵە ئەوە دەزانین، باسی گەورەیی و جوانیی خوادا وەکو دوو دیوی خواوەند هەروەکو خۆی نیشانی داوین دەکەین، ئەمە هەمان بیرۆکەیە کە ئیقبال باسی لێوە دەکا، هەرچەندە ئەو لایەنی شکۆمەندییەکەی بەهێزترە لە لایەنی جوانییەکەی.

ئیتر دەبێ لە ڕوانگەی ئەم وەسفەوە خودا ببینێ؟ خودا لای ئەو زاتی هەرە گەورە یان خۆمی هەرە گەورەیە (الانا الاعظم) ئەم فەلسەفەیەی ئیقبال رەخنەیەکی زۆری لەلایەن لێکۆڵەرەوە ڕۆژئاوایی و خۆرهەڵاتییەکانی هاتە سەر، چونکە وشەی خودی بە فارسی ئەنانییەت دەبەخشێ، بەڵام کاتێک دەگەڕێینەوە بۆ سەدەی سیانزەهەم، مەولانا جەلالەدینی رۆمی دەخوێنینەوە دەبینین لە پەخشان و نووسینەکەیدا (فیە مافیە) هەمان وشەی خودی بەهەمان واتا کە لای ئیقبال هاتووە بەکاردێنێ: (قوڵترین قوڵاییەکانی وجود) هینی شتەکان یان کەس، ئەوە بێگومان جەوهەرەکەیەتی، لەلای ئیقبال هەموو شتێک لە جیهاندا پێکهاتووە لە «خۆم»ە بچوکەکان، (خۆم)ی گەورەتر و خۆم لە شێوەی جیاجیادا، خودا گەورەترین زاتە کە مرۆڤ ناتوانێ وەسفی بکا، هەمووومان دەزانین کە کەس نییە بگاتە خواوەندی باطن، کە کەس ناتوانێ بیبینێ، نە بە ئەقڵ و نە بە خۆشەویستی و هیچ شتێکی تر ناتوانین بیگەینێ، بەڵام کاتێ بەهۆی وشەکانییەوە دەردەکەوێ، ئەوکاتە دەتوانین لێی نزیک ببینەوە، ئیقبال لە موحازەڕەکانیدا دەڵێت: ئەوەی ئێمە دەیزانین ئەوەیە کە خودا وەسفی خۆی وەکو تاکێک هەروەها وەسفی خۆی بە من (انا) کردووە، کاتێک خۆی لە قورئاندا بەناوی خودا ناوناوە و ئەوە دەلالەت لەوە دەکات کە ئەو زاتێکەو بەرەو ڕووی دەچین و دەیکەینە دالدەو پشتیوانی خۆمان.

ئەمە فەیلەسوفەکانی ئایینمان لە ئەورووپا ئەوانەی تازەگەرییان کرد وەبیردێنێتەوە، لەوانە فەیلەسوفی پرۆتستانتی گەورە پاول تیلیل کە دەڵێ: (دەبێ سیفەتی ئیلاهی بە تۆ (انت) بشوبهێنرێ، چونکە ناتوانین بگەینە بوونێکی دوور یان بێلایەن، خودا (خۆم) (انا)ی گەورەیە، کە هەموو شتێ تیایدا جێگەی دەبێتەوە، هەروەکو لە قورئاندا هاتووە، ئەو هانی ئادەمیزاد دەدا کە بانگی بکەن (وقال ربکم ادعونی استجیب لکم) سورەت فاغر ئایەتی ٦٠، لە نەزەری ئیقبالدا ئەوە دەلیلە بۆ زاتییەتی خودای گەورە. بەڵام لە شیعرەکەیدا لە سیفاتەکانی خودادا (کبریاء) دەردەخات، کە ئەوە تەعبیرێکە بێگومان لە شیعری جەلالەدینی رۆمییەوە خواستویەتی، کە سیفەتی گەورەیی و شکۆمەندیی دەورەی خودای گەورەی داوە، لەوانەیە زۆرتان ئەو فەرمودە قودسییەتان وەبیر بێتەوە، کە دەڵێ شکۆمەندی پۆشاکمە (الکبریاء ردائی).

بەپێی ئیقبال دەبێ ئایین هێزی لەگەڵدابێ، هێز بە تەنیا ترسناک و شەیتانییە گەر لە ئاین دابڕێ، بۆیە دەبێ هەردووک پێکەوە لەپێناوی کۆمەڵگەیەکی نوێی باشتر لە کۆن کار بکەن. ئیقبال دەڵێ: خودا (الحی القیوم)ە، هەروەها ئاشقی ئەو گوتەیەیە کە لە قورئاندا هاتووە و دەڵێ (کل یوم هو شان) ئەو ئەم ئایەتە بە شێوازێکی فەلسەفی لە موحازەڕەکانیا لێکدەداتەوەو دەڵێ خودا بەردەوام خەلق دەکا و کار دەکا، بەڵام خۆی هەرگیزاو هەرگیز ناگۆڕێ. جێگەی خۆیەتی نەختێک لەسەر تەفسیری ئیقبال بۆ وشەکانی شەهادەت راوەستین، ئەو لەسەر پەیوەندی لە نێوان (لا) و (الا) دەوەستێ، هەروەکو

ئیقبال لە موحازەڕەکانیدا دەڵێت: ئەوەی ئێمە دەیزانین ئەوەیە کە خودا وەسفی خۆی وەکو تاکێک هەروەها وەسفی خۆی بە من (انا) کردووە، کاتێک خۆی لە قورئاندا بەناوی خودا ناوناوە و ئەوە دەلالەت لەوە دەکات کە ئەو زاتێکەو بەرەو ڕووی دەچین و دەیکەینە دالدەو پشتیوانی خۆمان

# لێکۆڵینەوە

متەسەوفەکانی سەدەکانی ناوەڕاست لێکیان دەدایەوە بە بێ لا واتا بە بێ (نفی) ناتوانرێ تاکید لە قبوڵ بکرێ لە (لا)وە پلەکان بەرەو (الا) سەردەکەون، هەروەکو شاعیرە فارسەکان دەڵێن لە (لا)وە دەڕۆی بۆ (بالا)، سەرەڕای ئەوە یاریکردن لەسەر (لا و الا) لایەنێکی گرنگی شیعرو فەلسەفەی ئیقباڵە و لەوێوە دەگەینە تەفسیرێک، کە گرنگیی هەبێت بۆ ژیان.

هەندێک وای بۆ دەچن کە ئیقبال لەژێر کاریگەریی فەیلەسوفی ئەڵمانی نیتشەدا بوو، بۆیە جێگەیەک یان مەقامێکی لە جاویدانامەکەیدا بۆ تەرخان کردووە، کە تیایدا نیتشە دەردەکەوێ و لە لای وشەی لا بەواتا ئینکارکردنی خودا وەستاوەو نەگەیشتووەتە یەقین و ئیسپاتکردنی خودا، ئەگەر یەک هەنگاوی بە ئاراستەی خودا واتا (لا الله)وە بنایە، ئەو خودایەی دەدۆزییەوە کە وای دەزانی مردووە.

ئا لێرەدا هەڵوێستەیەک لەلای تەفسیری ئیقبال بۆ ئینسان دەکەین و دەڵێین: نیتشە سەرچاوەی تێڕاونینی ئیقباڵە بۆ نمونە و بەها هەرەبەرزەکانی مرۆڤ، کە دەیکات بە جەنگاوەرێکی مەزن لە چەشنی سوپەرمان، ئەم بۆچوونە لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا لە فەلسەفەی ئەوروپیدا باوی بوو، بەڵام بۆچوونی ئیقبال بۆ مرۆڤی ئیماندار هیچ پەیوەندییەکی بە سوپەرمانەوە نییە، چونکە سوپەرمان تەنها دوای مردنی خواوەند دەردەکەوێ، کە ئەم بیرکردنەوەیە دوورە لە ئیماندارێکی وەکو ئیقبالەوە، مرۆڤی نموونەیی ئیقبال مرۆڤی تەواو متکامل نییە، هەروەکو فەلسەفەی سۆفیزم وێنەی کێشاوە، بەپێی ئیقبال ئیمانداری نمونەیی لەگەڵ خودادا کاردەکات و ئەو شتانەی ئەو بە خۆرسکی هێشتوونیەتیەوە ئەو چاکیان دەکاو جوانیان دەکا، بەناوبانگترین قەسیدەی لە دیوانی پەیامی مەشریقدا ئەو دیالۆگەیە، کە لەنێوان خوداو مرۆڤدا نووسیویەتی، کە تیادا مرۆڤ شانازی بە خۆیەوە دەکاو روو دەکاتە خواو دەڵێ:

تاریکیت خوڵقاند منیش چرا
قوڕت دروستکرد منیش پیاڵە
شاخ و دەشت و شینایت سازکرد
منیش باخچە جوانەکان
من لە بەرد ئاوێنەم دروستکرد
لە ژەهریش دەرمان

دەتوانین بڵێین ئەوە لەخۆباییبوونێکی ئاشکرای مرۆڤە، هەندێک لە رەخنەگرانی ئیقبال _بەتایبەتی لە رۆژئاوا_ تاوانباریان کردووە کە مرۆڤ وا دەنەخشێنێ زۆر لەخۆی رازی بێ و رێز بۆ خواوەند دانەنێت، ئەم بۆچوونە دوورە لە ڕاستییەوە، بەڕای من مرۆڤی ئیماندار وەکو ئیقبال بۆی دەچێ، بەئاگایە لە ئازادی و کۆیلەیەتی (کۆیلەی خودایە) ئەم جۆرە مرۆڤە بە نموونەیی وەسف دەکات. هەروەکو پێغەمبەر یەکەمین جار بە سیفەتی (عبده) دەرکەوت، کە واتاکەی (عبدالله)یە، ئەمە دەکاتە مرۆڤی سەربەست یانی عەبدی خودا لە سەربەستیدا ئەمە بەپێی تێگەیشتنم پێناسەی ئیقباڵە بۆ ڕۆڵی ئینسان.

گرنگە ئەگەر لێرەدا ئاماژە بە شتێک بدەین، کە پەیوەندیی بە بابەتەکەمانەوە (عەشقی داهێنەرەوە) هەیە، ئەویش کە مرۆڤ بوونەوەرێکی جێگیرو وەستاو نییە ، بەڵکو بەردەوام بزووتنەوەی نەشونما دەیگرێتەوە، کەون لە نەزەری ئیقبالدا هەموو چرکەیەک لە جوڵان و دروستبووندایە، هەتا بچوکترین (من) (انا) لە بووندا دەیەوێ بەرزببێتەوە بەرەو شوێن و پایەیەکی ترو دەرکەوێ، ئەو پەیژەیەی کە (من)ەکانی پیا سەردەکەوێ لەلای هەموو مەخلوقەکان هەیە ، ئەم دەرکەوتنە باشترین و چاکترین سیفەتەکانی ئینسان دەردەخا، کە ئەویش

## ئیقبال درکی بەوە کردبوو کە ژیان هەر لە خۆوە پێش ناکەوێ: «کارەکانمان و بەتایبەتیش بیروباوەڕو خەونەکانمانە کە ڕەنگوڕوو بە ژیان دەبەخشێ»

بەربەرەکانێی دژی شەیتانە، شتێکی نائاساییە کە ئیقبال ئەو ڕۆڵە گرنگە بە هێزەکانی شەیتان دەدا، خوێنەوەی وەسفەکانی رامان دەچڵەکێنێ، بەڵام شەیتانی ئیقبال هەندێ لایەنی خۆی دەردەخا، کە لە کولتوورە ئایینی و ئەدەبی هەمە چەشنەکانەوە وەرگیراوە، ئەو لەلایەکەوە خۆی بە زل دەزانێ، وتی (من لە ئادەم بەرزترم) بۆیە لەعنەتی خودای بۆ دابەزی، لەلایەکی ترەوە بەشێک لە کاراکتەری (مفستوفل)ی گۆتەی تێدایە، خودا دەینێرێ بۆ لای بەشەر تاوەکو تاقیی بکاتەوە و هاندەرو پشتیوانی بێ بۆ نەشونماکردن، ئەم ڕووەی شەیتانە کە ئیقبال بەدڵێتی، لە قەسیدە مەزنەکەیدا کە پێنج بەشە لە دیوانی پەیامی مەشریق بەناوی (تەسخیری فیترەت) تیایدا باس لە دەرکردنی ئادەم لە بەهەشت دەکا و دوایی ژیانی لەسەر زەوی و بەربەرەکانێی لە دژی هێزەکانی خراپە، ئەم بەربەرەکانێیە سیفەتی ئینسانی هەقیقی بە ئینسان دەبەخشێ، ئەم جەنگەش کە دژی هێزەکانی شەیتانە، شەڕێکە دژی دوژمنێکی بەهێز دەکرێ، ئەمە قەدەری ئینسانە ئەو دەورەیە کە پێی دراوە، بۆیە لە قەسیدەیەکی ئیقبالدا دەبینین شەیتان فەخر دەکا و دەڵێ (منم کە جۆرو ڕەنگەکان بە ژیان دەبەخشم) بەهێزترین تەعبیر بۆ ئەو ڕووە شەیتانییە لە کۆتایی فەلەکی موشتەری لە جاویدنامەکەیدا هاتووە، کە تیادا شەیتان هەروەکو نیتشە وەسفی کردووە: پیاوێکی بەساڵاچووی خەمبارە شکات دەکات ، بۆچی؟ چونکە ئینسانی لەوە پێ بێهۆشترە، کە لە فریوەکانی بگات، بۆیە ئەو شەیتانە پیرە، خۆشی لە زۆرانبازی لەگەڵ ئەو مەخلوقە لاوازەدا نابینێ، داوا دەکا لە خودا (مرۆڤێکی وام بدەرێ زۆرانم لەگەڵدا بگرێ و لە کۆتاییدا بمبەزێنێ). لێرەدا ئیقبال دەڵێ ئەگەر ئیمانداری تەواو (کامل) شەیتان ببەزێنێ ئەوجا سوژدە بۆ مرۆڤ دەبا، لەکاتێکدا کە هەر ئەو بوو لە سەرەتای دروستبووندا سوژدەی بۆ ئادەم نەبرد.

شتێکی خۆشە کە شکایەتی (ئیبلیس)ی داماو بخوێنینەوە کە چۆن لە ئێمەی بەشەر نائومێد بووە، ئیقبال دەزانێ شەیتان لە ئاگر دروستکراوەو ملی نەداوە سوژدە بۆ ئادەم بەرێت، ئەمە هەندێک سەرنج بەلای خۆیدا ڕادەکیشێ، کە سوودی هەیە بۆ پێشخستنی مرۆڤ، بەڵام هەندێ شێوەی تری شەیتان هەیە، کە لە قوڕ دروستکراون، شەیتانی ئادەمی کە لە شەیتانی هەقیقی خراپترن.

ئیقبال تەعبیری (شەیتان لە قوڕ) بەکاردێنێ کە تەعبیرێکی کۆنە لە سەدەی یانزەهەمدا فەیلەسوفی ئیسماعیلی گەورە (ناسر خوسرەو)بەکاری هێناوە، ئیقبال ئیلهامی لەو وەرگرتووە و قەرزارباریەتی، ئەم جۆرە شەیتانە لە نووسینەکانی دوایی ئیقبالدا چەند جارێک دەردەکەون. لە یەکێک لە قەسیدە تراژیدییەکانیدا موناقەشەیەک لەنێوان شەیتان و قوتابییەکانی لە سیاسەتدا نیشان دەدات، ئەم قەسیدەیە تێڕوانینە بۆ داهاتوو، زۆر لە ڕووداوەکانمان بۆ دەردەخات کە لەم ساڵانەی دواییدا هاتە پێش چاومان.

دێمەوە سەر ئەو قسەیەی کە شەیتان ڕۆڵێکی گرنگی هەیە بە سیفەتێک، کە بەرپرسە لە گەیشتنی مرۆڤ بە پلە بەرزترەکانی ژیان، چونکە بەردەوام حەز هەیە بە گەیشتن بە ئاستە بەرزو بەرزترەکان و بەربەرەکانی لەگەڵ هێزەکانی شەڕدا خود بەهێز دەکا و پەرەی پێدەدا، لەوەش گرنگتر ئیقبال دەڵێ: هەرچەندە زیاتر بەربەرەکانێی خراپە بکەین، پلەی گەیشتنمان بەرزتر دەبێ و لەو بیروباوەڕە کلاسیکییانەی کە بە باشی دەزانێ (لە کارە مەزنەکاندا زاتی ئینسان

> لە یەکێک لە قەسیدە تراژیدییەکانیدا موناقەشەیەک لەنێوان شەیتان و قوتابییەکانی لە سیاسەتدا نیشان دەدات، ئەم قەسیدەیە تێڕوانینە بۆ داهاتوو، زۆر لە ڕووداوەکانمان بۆ دەردەخات کە لەم ساڵانەی دواییدا هاتە پێش چاومان

# لێکۆڵینەوە

لەگەڵ زاتی خودادا یەکدەگرن، بەبێ ئەوەی ئینسان پێناسەی خۆی ون بکات). ئەم تەعبیرە تواندنەوەی سۆفیانە لەناو خواوەندی هەق و تەعالادا ناگەێنێ، بەڵکو هەڵچوونی زات تا ئەو ڕادەیەی نزیک و نزیکتر دەبێتەوە لە خودا، لە یەکگرتن لەگەڵ خودا بێ ئەوەی ناسنامەی خۆی بزربکا سنوورەکانی شوێن دەبڕێت.

ئیقبال لە موحازەرەیەکیدا دوای لێدوانێکی جوان دەربارەی گرنگیی نوێژ و نوێژی جەماعەت دەڵێ (کار بەرزترین پلەی چاودێرییە) لێرەدا سەرنجتان بۆ لای وشەی زەمان لە باس دەربارەی زاتدا ڕادەکێشم کە چۆن سنوورەکانی زەمان و مەکان دەبڕێ، تێگەیشتنی ئیقبال بۆ زەمان گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ تێگەیشتنی هەموو بیرۆکەکە، ئەو لە دوو ئاستەوە سەیری زەمان دەکات زەمەنی ئاسۆکان و زەمەنە زاتییەکان. یەکەمیان پەیوەندیی بە جیهانی دەرەوە هەیە، دووەمیان خۆمان لە دڵی خۆماندا هەڵیدەگرین، لە جاویدنامەدا (زروان) کە خواوەندی زەمەی ئێرانی کۆنمان بۆ دەردەخا، چۆن مرۆڤ فێری ئەوە دەکات (زونار) کە شیعار و ڕەمزی کافرەکان بوو بدرێنن. بەڵام زەمان یەکەمین شتە کە لە وجوددا خولقابێ ئێستا لێرەیە و هەموو ساتێک دەبینرێ.

ئیمانداری ڕاستەقینە ئەو زونارە کە کۆت دەپچڕێ تاوەکو بۆ ساتێکیش بێت خۆی لەناو زەمەنی خودادا ببینێتەوە، کە نە لە پێشییەوە نە لە دوایەوە هەیە، ئەوکاتە دەتوانێ لەگەڵ پێغەمبەردا بڵێ (لەگەڵ خودادا وەختم هەیە_ لی مع الله وقت) ئەوە تاقیکردنەوەیەکی مەزنی خۆشەویستییە کە لە ساتێکدا شتێک بگرین کۆتایی نەبێت.

ئیقبال درکی بەوە کردبوو کە ژیان هەر لە خۆوە پێش ناکەوێ: (کارەکانمان و بەتایبەتیش بیروباوەڕو خەونەکانمانە کە ڕەنگوڕوو بە ژیان دەبەخشێ) ئەو بیرانەی کە لە ئاگاییماندا خۆیان حەشارداوە و بە هێمنی و لەسەرخۆی دێنە سەرەوە، ئەوانەن کە ژیانمان پێکدەهێنن، گۆتە ئەم بیرۆکەیەی لە تەعبیرێکی زۆر جواندا بەرجەستەکردووە دەڵێ: (ئەو مرۆڤەی شتێک بەخەیاڵیدا دێت و خەونی پێوە دەبینێ، ئەو کەسەیە کە لە کۆتاییدا بەدەستی دێنێ یان لە ئامانجەکانی نزیک نزیک دەبێتەوە). لە نەزەری ئیقبالدا ئەو قسەیە لە پەیوەندیی ئێمە بە خودا و ژیانەوەو لە پێش هەموو شتێکدا بە مردنەوە دێتە دی.

ئەو یاداشتنامەیەکی بچکۆلەی هەبوو کە تیایدا رامانە پەرتوبڵاوەکانی خۆی تیادا تۆمار دەکرد لە ساڵی ١٩١٠دا تیایدا دەنووسێ (جاویدانی بۆ کەسێک حاڵەتێک نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی گرێدراو و بەردەوامە)، ئەو زیاتر دەڵێ کە جاویدانی بۆ هەموو کەسێک دەستەبەر نییە، بەڵکو تەنها بە بەهێزەکان دەبەخشرێ، ئەوکەسەی مردنی گیان دەبەزێنێ و لە کۆتاییدا توانای زیاتر پێشکەوتن و هەڵچوونی دووورودرێژی لە حەزرەتی ئیلاهیدا دەبێت. سروشتییە کە زۆر لە هاوچەرخەکانی ئیقبال ئەم بیرکردنەوەیان بەدڵ نەبووبێت و ئێستاش زۆر لەو ڕەخنەگرانەی کە لە هەندێ رووی ترەوە خۆشیان دەوێت، بەڵام پێویستە سەیری مردن و جاویدان لە ڕوانگەیەکی تەواو جیاوازەوە بکەین، مردن ئەزموونی ئینسانە کەوا لە ژیاندا چیی کردووە، بۆیە جەهەننەم لای ئیقبال تەنیا شکاتی (من_ انا)ی مرۆڤایەتی و ئازارەکانییەتی و چۆن سەرکەوتوو نەبووە لە بەدیهێنانی خواست و گەیشتن بە ئامانجەکانی، بەڵام دەربارەی بەهەشت دەڵێ: (نیعمەتی بەهەشت خۆشی زاڵبوونە بەسەر هێزە خراپەکاندا، ئەوە بەهەشتێکی بێدەنگ و جوڵە

# ئەگەر جاویدانی واتای ژیانی هەمیشەیی ببەخشێ، پێویستە ژیان و جوڵە لەو جاویدانییەدا هەبێ

نییە، بەڵکو بەردەوام لە هەڵچوون و زیادبووندایە و هەرگیز کەم ناکات)، ئەو بە تەعبیرێکی جوان ئەم بیرۆکەیەی خۆی دادەڕێژێ (بەهەشت ئیجازەو سەیران و سەفا نییە).

بەردەوام لە ژیانی جاویدانیشدا پێویستمان بە برەوپێدانی خۆمان هەیە، چونکە ئەگەر جاویدانی واتای ژیانی هەمیشەیی ببەخشێ، پێویستە ژیان و جوڵە لەو جاویدانییەدا هەبێ، لێرەدا شتێکم وەبیردێتەوە قەشەی پرۆتستانتی سویدی (تور ئەندرای) هەمان بیری بە هەمان وشە لە کتێبێکدا کە لە سوید بڵاوکراوەتەوە دەربڕیوە، ئەوە هەر لەوکاتەدا بووە کە ئیقبال موحازەرەکانی نووسیوەو بڵاوی کردوونەتەوە، ئەم قەشەیە لە ئیسلامناسیدا زانا نەبووە، لە کتێبەکەیدا ئەو بیرۆکەیەی برەو پێداوە کە دەڵێت مردن کۆتایی نییە بۆ ژیانم، بەڵکو سەرەتایەکە بۆ قۆناغێکی نوێ، ئەمە لە سۆفیگەریی کلاسیکی کۆندا دەردەکەوێ (کاتێک کە گەشتەکە بەرەو لای خودا تەواو دەبێ، گەشتی ناو خودا دەست پێدەکات)، ئەم جۆرە تەفسیرکردنە بۆ بەهەشت و جەهەنەم لەلای موسڵمانە تەقلیدییەکان مەترسیی زۆر هەڵدەگرێ.

بەڵام لەلای من ئەم بابەتە گرنگییەکی یەکجار زۆری هەیە بۆ چێژوەرگرتن و هەڵسەنگاندنمان بۆ راکانی ئیقبال. لێرەدا رۆڵی عەشقی داهێنەر یان خوڵقێنەر دەبینین، ئەو عەشقە چییە؟ عەشق لە نووسینەکانی ئیقبالدا هەروەکو پاڵنەری زیندووی برگسون وایە، ئیقبال رێزی زۆری لە برگسون دەگرت، دەڵێ عەشق ئەو هێزەیە کە بەهاکان دروست دەکات و هەرگیز لە داهێنان تێرنابێ، هێزی گۆڕانە لە ئینساندا لە هەموو چرکەیەکدا.

عەشق ئەو تاقیکردنەوەیە کە لە نیوەی یان کۆتایی رێگەدا بۆ ئیماندا هەڵدەکەوێ، بەپێی ئیقبال (عەشق باڵاترین وێنەی داهێنانی بەهاو پەیڕەوە بەرزەکانەو هەوڵدانە بۆ بەدیهێنانیان)، کاتێک دەربارەی زات لە بەرزبوونەوەیدا بەسەر پەیژەی (من)دا دەدوێین زۆر گرانە، ئەوەی بێ عەشقی داهێنەر بۆ بێتە دی، هەموو ئەو شتانەی کە بە دەستی دێنی لە هەر جوڵەیەک یان شتێکدا، ئەوە لە رێگەی پاڵنەری زیندووەکەی برگسۆنەوە دێت.

مامۆستای ئیقبال لە تەسەوفدا. جەلالەدینی ڕۆمی بوو، هەردووکیان لە شتە رۆحییەکاندا یەک بیرو بۆچونیان هەیە، ئەو سروودانەی کە ئیقبال بۆ عەشق نووسیونی تاڕادەیەکی زۆر لە هەندێک بەیتی مەسنەوییەوە نزیکن، لە بەرانبەری ئەوەدا دەبینین حەزی لە فەلسەفەی (ئیبن ئەلعەرەبی) نییە هەروەکو لە تێزەکەیدا کە ساڵی ١٩٠٨ نووسیویەتی دەردەکەوێ، دواتر دەکەوێتە بەر کاریگەریی ئەفلاتۆنی تازە، بەڵام جەلالەدینی ڕۆمی هەمیشە مامۆستا گەورەی بووە، فێری سڕەکانی زاتی کردووە، نەک هەر ئەوە، بەڵکو فێری سڕەکانی عەشقیشی کرد، عەشق واتا (هەموو ژیانت ڕۆشتن بێ بەسەر پشکۆدا)، ئەو هێزەیە کە پاڵ بە خەڵکییەوە دەنێ بەرەو لای دینی هەق.

لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا ئیقبال بەیتێکی نائاسایی لە شیعر دەنووسێ و دەڵێ: یەک هاوار ئەڵڵاهو ئەکبەر ئاگرو دڵەڕاوکێی لێ دەبارێ، جێگەی لە پێنج فەرزەکەی نوێژدا نابێتەوە، بەواتایەکی تر ئەو لەو فەرزانە هێزی زیاترە، ئەو لە هەموو شتێک کاریگەرترو بەهێزترە.

ئیقبال گرنگییەکی زۆری بە (فقه)ی ئیسلام دەدا، بەردەوام لە هەوڵداندابوو بۆ تەفسیرکردنی ئیسلام لە گۆشەنیگای نوێوە کە جیاوازبوو لە بیروڕای شێخەکانەوە زۆر بەتوندی بەرهەڵستیی دەسەڵاتی مەولەوییەکان و شێخی تەریقەتە سۆفییەکانی دەکرد،

مامۆستای ئیقبال لە تەسەوفدا. جەلالەدینی ڕۆمی بوو، هەردووکیان لە شتە رۆحییەکاندا یەک بیرو بۆچونیان هەیە، ئەو سروودانەی کە ئیقبال بۆ عەشق نووسیونی تاڕادەیەکی زۆر لە هەندێک بەیتی مەسنەوییەوە نزیکن، لە بەرانبەری ئەوەدا دەبینین حەزی لە فەلسەفەی (ئیبن ئەلعەرەبی) نییە هەروەکو لە تێزەکەیدا کە ساڵی ١٩٠٨ نووسیویەتی دەردەکەوێ

# لێکۆڵینەوە

له دەسەڵاتی ئەو شێخانەدا مەترسییەکی دەبینی کە تەنگی بە عەشق و ژیانی ڕاستی هەڵچنیبوو، لەڕاستدا دەسەڵاتی مورشیدی سۆفی بەسەر عەقڵی موریدەکانیا کە بەشێوەیەکی گشتی نەخوێنەوارن، یارمەتیی بەپیرەوەچوونی ئەو بیروباوەڕە تازانەی نەئەدا، کە ئیقبال بانگەشەی بۆ دەکردن، ڕۆڵی مەولەوییەکانیش لە نەزەری ئەودا هەمان مەترسیی هەبوو، ئەوان بەردەوام چین لەسەر چین تەفسیرو حاشیە لەسەر کتێبەکانی (فقە) و قورئان دەنووسن، بەڵام هیچ دەربارەی هێزی عەشقی کڵپەسەندوو نازانن، ئیقبال بەراوردێکی زۆر جوان لە نێوان مەلاکان و قاروندا دەکا، کە هەموو سەروەتەکەی لە ژێر خاکدا شاردبووەوە، ئیقبال ناویان بە قارونی قامووسە عەرەبییەکان دەباو دەڵێ ئەوان لە سەدەها قاموس و سەرچاوەدا دەگەڕێن بۆ واتاکانی قورئان و حەدیس، لەوە زیاتر هیچی تریان نییە، بۆیە ئەوانە بە ئاگری عەشق سوورنابنەوە و رووناکییان لێ دەرناکەوێ.

ئیقبال چاک دەزانێ کە ئەو عەشقە کڵپە سەندووە لە دوعای ئینسانەدا خۆی نیشان دەدا، بەڵام نوێژ و دوعا هیچ کامیان بۆ خاتری تاکەکەسێک ناکرێ، هەر کەسێک بۆی هەیە چەندی دەوێ لە خودا بپاڕێتەوە، بەڵام بۆی نییە ناڕەزایی دەرببڕێ ئەگەر خودا دوعاکەی گیرا نەکرد، لەوەش گرنگتر مرۆڤ لەکاتی پەیوەندیکردنی بە خواوەندەوە بە هۆی موناجاتەوە، لەو نزیکبوونەوەیدا بێگومان دەبێ بگۆڕێ، کەواتە نوێژ سودی دەبێت کاتێک کە خودا فرسەت بە مرۆڤ دەدا پێکەوە کار بکەن، ئەو ئیرادەی خودای قبوڵ دەبێ و دەبێتە ئیرادەی خۆی، ئیتر لەم ساتەدا دەتوانێ دنیا بە دوعاو نوێژەکانی بگۆڕێ، بەڕای من ئەم لایەنەی فیکری ئیقبال شایەنی زیاتر لێکۆڵینەوەیە.

ئیقبال ئەو خۆشەویستییە یان ئەو عەشقە زۆر جار بەرامبەر زانست، هەروەها ئەقڵ دادەنێ، ئەو وشەی زانست بەواتای زانستی سروشتی بەکاردێنێ: عەشق پێکهاتەیە، بەڵام زانست شیکردنەوەیە (العشق ترکیب اما العلم فتحلیل) کە دەبێ هەردووک پێکەوە کار بکەن.

لە یەکێ لە قەسیدە گەورەکانیا لە دیوانی مەشریقدا ئیقبال ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە بەبێ عەشق و توانای لە گونجاندن و پێکهێناندا زانست دەبێت بە دیاردەی شەیتانی، بەڵام بە هاریکاریی نێوان عەشق و زانست دەکرێ بەهەشت لەسەر زەوی بەدی بهێنرێ، ئەم قەسیدەیە باشترین دەلیلە بۆ باوەڕی ئیقبال بە بیرکردنەوە لە گونجاندن لەبری پەنابردنە بەر شیتەڵکردنەوەی وشک، لە شیعرەکەیدا ئەوەی کە تەنها پشت بە زانست دەبەستێ بەو کرمەی شوبهاندووە کە لەنێوان لاپەڕە جوانەکانی فەیلەسوفە گەورەکاندا وەکو رازی و فارابیدا دەژی، بەڵام هیچ لە ژیانی ڕاستەقینە نازانێ، بەرامبەر بەوە ئەو پەپولەیەیە کە بۆ چەشتنی یەک (لەحزە لەوەجد) خۆی دەهاوێتە ناو ئاگرەکەوە.

عەشق لەلای ئیقبال بە پێغەمبەر دەشوبهێنرێ و عەقڵی وشکیش بە ئەبو لەهەب، لە قەسیدەیەکیا کە گۆتە و مامۆستاکەی مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی کۆدەکاتەوە یەک بەیت لە ڕۆمی دەخوازێ، کە هەردووکیان لەسەری ڕێککەوتوون (عەقڵی فریودەر- شەیتانە، بەڵام عەشق و خۆشەویستی لە ئادەمەوە هاتووە)، بەیتێکی جوانتری هەیە کە چاکترە موسڵمانەکان بیخوێننەوە و تێبیگەن (زانست کوڕی کتێبە، عەشقیش دایکییەتی)، تەعبیری عەشق دایکی کتێبە ئەوە دەگەێنێ کەوا عەشق بناغەی هەموو شتێکە و هاندەری گشت سروشێکە (وحی).

دەڵێ (عەقڵ پرسیارە دیارەکەیە و عەشقیش

# مرۆڤ نە چالاك دەبێ و نە داهێنان دەكا گەر لە چاوەڕوانیی گەیشتن بە ئامانجدا نەبێت

وەڵامە نادیارەکەیە) ڕۆژێک لە ڕۆژان ئیقبال لە وەسفی عەشق بەشێوەی جوان و ناوازە دانەبڕاوە، لەم بەیتانەی دواییدا کە لە کۆتاییەکانی سەردەمی نووسینیدا وتوونی باشترین تەعبیر لە سڕی ئەو عەشقە سەرچڵە دەکات (عەشق بەبێ سێ و دوو خۆی هەڵدەداتە ناوئاگری نەمروودەوە، بەڵام ئەقڵ جاری لەسەر بانێژەکەوە چاوەڕوانە)، ئەقڵ سەبر دەگرێ و ناوێرێ خۆی لە بڵێسەی خۆشەویستیدا فەنا بکات، بەڵام عەشق گوێ ناداتێ، چونکە دەزانێ کە ڕێگەی ڕاست ئەوەیە لەناو ئاگری خودای هەق و تەعالادا بسووتێ، لە چەند بەیتێکی تردا مەجازێکی زۆر مەشهور لە شیعری کلاسیکی فارسی بەکاردێنێ، کە وێنەی مەلیک مەحمود غەزنەوی (ئەلفاتح)، کە فەتحی پەرستگای بتەکانی لە (سۆمەنات) لە هیندستان کرد و دەڵێ:

دنیا هەمووی مژدە بۆ عەشق دەبەن

عەشق مەحمودە، کە فەتحی سومەناتی ئەقڵی کرد

ئەقڵ وەکو پەرستگای کافرەکان وایە دەبێ عەشق داگیری بکات.

ئەم بۆچوونانە لە نووسینەکانی مەولانا جەلالەدینی ڕۆمییشدا هاتووە، بەڵام لێرەدا لە ڕێڕەوێکی تازەتردا بەرچاو دەکەوێ، هەموومان دەگرێتەوە، دەبێ ئێمە بەردەوام ئەوەمان بیربکەوێتەوە کە ئیقبال دەزانێ ئەو عەشقە قەت تێربوونی نییە، پاوڵ تیلیک زانای لاهوتی ئەڵمان دەڵێ (تێربوون لە عەشق کامەرانییەکی بێ ئەندازەیە، لەهەمان کاتیشدا کۆتایی بەختەوەرییە، چونکە چالاکی بەفیراق نەبێ نایەتە کایەوە)، ئیقبال دەڵێ (شمشاڵ کاتێک دەست بە گۆرانی وتن دەکا، کە لە کێڵگەی قامیش هەڵدەکەنرێ).

ئەم لایەنە گرنگە ئیقبال لە نووسینەکانیدا ناوی دەنێ (کۆششی ناتەواو) بەواتا هیچ کاتێک تەواو نابێت و بەردەوامە، لێرەدا لە گۆتەوە نزیک دەبێتەوە، ئەو شیعرەی کە دەربارەی بەیەکگەیشتن لەگەڵ (حور ئەلعەین)ی بەهەشتدا دەینووسێ گڕی خۆشەویستییەکی لێ بەرزدەبێتەوە، کە هەرگیز تینوێتی ناشکێنێ، مرۆڤ نە چالاک دەبێ و نە داهێنان دەکا گەر لە چاوەڕوانیی گەیشتن بە ئامانجدا نەبێت، هێزی ئەو تاسەیەی کە هەیەتی بەواتا کەم بێ ئەو کەم دەبێ ئەم زۆر بێ ئەو زۆر دەبێ.

ئەو کۆششەی کە هەرگیز کۆتایی نایەو ناگاتە ئەنجامی تەواو، ئەو تاسە بەردەوامەی کە لە هەوڵدایە بۆ زیاتر و زیاتر نزیکبوونەوە لە بەها جوان و بەرزەکان، ئەمانە فیکری ئیقبال دەڕەنگێنن و شێوەی بۆ دادەڕێژن، ئەو تەعبیری لە بیروبۆچوونانەی خۆی تەنها بە پەخشانە فەلسەفییەکان نەبوو، بەڵکو بە شیعریش زیاتر بوو. زۆر لە ڕەخنەگران بەتایبەتی ڕۆژئاواییەکان ناسازییان لە پەخشانە فەلسەفییەکانی ئیقبالدا دەبینییەوە، ڕەنگە بۆچوونەکانیان ڕاست بێ، ڕەنگە هەندێک لە خوێنەرانی پێیان سەیر بێت کە ئەو فەلسەفەی ئەوروپایی بە فیکری ئیسلامی کلاسیکەوە بەستبێتەوە، بەڵام من بەردەوام دەڵێم پێویستە شیعرەکانی (بە ئوردی و فارسی) هەروەها کتێبە فەلسەفییەکانیشی بخوێنینەوە، تاوەکو پەی بە مەزنی و ئاسۆ فراوانی فەلسەفەکەی ببەین.

سەیر لەوەدایە ئەو وا ئیدیعا دەکات کە شیعری تەنها بە مەبەستی فێرکردن نووسیوە (مەبەستی زانستی)، بەپێی ئەو شیعر تەنها هونەرێکە بەهاکەی تەنها لە هاندانی خەڵکاندا بۆ داهێنان کۆدەبێتەوە: (باڵاترین هونەر ئەو هونەرەیە کە هێزی نووستوی ئیرادە خەبەر دەکاتەوە و هانمان دەدا بۆ بەرەنگار بوونەوەی ژیان بەبێ ترس)، ئەمە بۆچوونی ئەو بوو، هەر لەبەر ئەم هۆیە ڕەخنەی لە جوانترین شیعری حافیزی شیرازی

ئەو کۆششەی کە هەرگیز کۆتایی نایەو ناگاتە ئەنجامی تەواو، ئەو تاسە بەردەوامەی کە لە هەوڵدایە بۆ زیاتر و زیاتر نزیکبوونەوە لە بەها جوان و بەرزەکان، ئەمانە فیکری ئیقبال دەڕەنگێنن و شێوەی بۆ دادەڕێژن، ئەو تەعبیری لە بیروبۆچوونانەی خۆی تەنها بە پەخشانە فەلسەفییەکان نەبوو، بەڵکو بە شیعریش زیاتر بوو

دەگرت، بەڵام خۆی دەڵێ تەنها بەمەبەستی فێرکردن شیعر دەنووسێ، چونکە ئەو دەیگوت لە هیندستان خەڵک رانەهاتوون کتێبی فەلسەفە بخوێننەوە یان گوێ لە ئامۆژگاریی دوورودرێژ بگرن بەڵام هەموویان شیعریان خۆشدەوێ و داوای دەکەن، بۆیە ئاسانترە بە شیعر قسەیان لەگەڵدا بکەی، شیعری ئیقبال هەروەکو خوێنەرانی دەیزانن، کاریگەری و ریتمێکی بەهێزی هەیە، دەکرێ هەر بە بیستنی لەبەر بکرێ، بۆیە هەر بەهۆی شیعرەکانییەوە بیروباوەڕی بڵاوبووەوە. لە شیعرەکانیا زۆر لە هێما کۆنەکانی دەستکاری کردووە بەبێ ئەوەی دەستبەرداریان ببێ، خەڵکی راهاتبوون گۆێ لە بولبول و چیرۆکە بەناوبانگەکانی کە دەربارەی خۆشەویستیی گوڵە بگرن، لە شیعرەکانی ئیقبالدا واتای ئەم رەمزە تەقلیدییانە گۆڕان، مەلی خۆشەویستی لەلای ئەو مەلی ڕۆحە، بولبولی ئەو بەردەوام شکاتکەر نەبوو، بەڵکو هەڵۆ بوو، ئەو باڵندە بەهێزەی کە دڵی مرۆڤ هەڵدەگرێ بۆ دوور، وەک ئەو نێچیرەی دەیفڕێنێ و دەیباتە ئاسمان، گەڕانی هەڵۆ بێکۆتاییە، ئەو دڵنەرم و بێ هێز نییە، هەر ساتێک مەودای ئاسۆیەکی نوێی لەبەردەمدا دەکرێتەوە، ئاسۆیەک کە ڕووبەری ئەستێرەو ڕۆژ و مانگ و پشتی فەلەکەکان تاوەکو هەتاهەتایە و بێکۆتایی دەگرێتەوە، زۆر لە پاکستانییەکان ئەمڕۆ وێنەی ئەو هەڵۆیەیان کێشاوەو لە پشتییەوە ئاسمانی شینە و ئەم رستەیەیان لەسەر نووسیوە (ئێستاش زۆر ئاسۆی نوێی ترت لەبەردەم دایە).

گوڵە خۆشەویستەکەی تولیب بوو، کە لە گوڵاڵە سوورە دەچێ و کۆمەڵە شیعرێکی لە پەیامی مەشریقدا بەناوی ئەو گوڵەوە ناونا (زهر توليب سيناو) چونکە ئەم گوڵە لە شوعلە دەچێ، موسا شوعلەی خودای لە دارەکەدا بینی، گوڵە سوورە بچکۆلەکانی بیابانی پان و بەرین و لاپاڵی گردەکانیان لە بەهاردا داپۆشیوە، ئەمەیش شاعیر گەورەیی و شکۆمەندی و دەرکەوتەکانی یەزدان لە دنیادا وەبیر شاعیر دێنێتەوە، ئەو زۆرجار ئیمانداری راستەقینە بەم گوڵە دەشوبهێنێ، تەنیا گوڵێکە، پەڕەکانی بەهێزی ئیرادە دەکاتەوە، تاوەکو لە تاریکیدا شەوق بداتەوە، ئەو دەڵێ لەسەر مەزارەکەی گوڵاڵە سوورە دەڕوێن تاوەکو بیسەلمێنن کە ئەو گۆڕە دڵێکی گەورەی تیا نێژراوە.

ئیقبال هەمان ڕێڕەوی دەربارەی هێما تەقلیدییەکان گرتبووە بەر، بایەک نموونە لە وێنەی (حەلاج) شەهیدی سۆفیگەری کە ساڵی ٩٢٢ لە بەغدا کوژرا وەربگرین، کە لە مێژووی ئیسلامدا بە (انا الحق) بەناوبانگە. حەلاج بەسیفەتی ئوستادی عەشقی داهێنەر دەردەکەوێ کاتێک کە لە فەلکی موشتەریدا دەکەوێتە قسە، بە ئیقبال دەڵێ من پێشترم لە تۆ، ئەو هەوڵی دا ژیان بکاتەوە بە بەری ئومەتێکی ئەقڵ و ڕۆح مردوودا، ئەمە ئامانجی ئیقبالیش بوو لە شیعرەکانیدا.

شایەنی وتنە فەیلەسوفی ئەڵمانی (رودلف پانڤیتز) کە سەر بە قوتابخانەی نیتشەیە، ئیقبالی لا پەسەندبوو زۆرجاریش پێش مردنی پێکەوە موناقەشەی کارەکانی ئیقبالمان کردووە.لە یەکێک لە کتێبەکانیا فەسڵێکی بەناوی قەسیدەی زەمەن بۆ ئەو تەرخانکردووە و تیایدا دەڵێ (ئەوە قەسیدەیەکە زیاتر لە شیعر دەگەیێنێ، ئەوە پەیامێکی سیاسیی رۆحییە و زیاتر وەسفی دەکاو دەڵێ (ئەوە قەسیدەیەکە پرۆسەی بەرهەمهێنانێکی بەرز لە دڵی هاوچەرخەکاندا دەبزوێنێ، بەهێزترە لە زەمەنی حازر دەتوانێ داهاتوو لە رەحمی ئێستادا دەربهێنێت).

بەڕای منیش ئەمە بە تەواوەتی لە شیعری ئیقباڵدا

بەرجەستە دەبێ، چونکە ئەو شاعیرێک بوو هەوڵی دەدا بەهای نوێ دروست بکا و ڕێگەیەکی نوێ دروست بکا، ڕێگەیەکی تازە نیشانی میللەتەکەی بدا، ئەم بۆچوونانەی لە جاویدنامەکەیدا بە ڕاشکاوی دەردەکەوێ. لەمیانەی ڕامانی خۆی بەرانبەر بە دنیا دەڵێ: (ئەگەر ئامانجی شیعر دروستکردنی پیاوە هەقیقییەکان بێت، کەواتە شیعر میراتی پێغەمبەراتییە).

بێگومان ئیقبال یەکێک بوو لەو شاعیرانەی کە شیعرەکانی میراتی پێغەمبەرایەتی هەڵگربوو، (هێرمان هیسە) نووسەری گەورەی ئەڵمانی پێشەکییەکی قەشەنگی بۆ تەرجەمەکەی جاویدنامە نووسیوە، کە بۆ ئەڵمانی کردوومە دەڵێ: ( ئیقبال خەو بە یەکگرتنی جنسی بەشەرەوە بەناوی خوداو لە خزمەتیدا دەبینێت).

ئیقبال خۆی لە موحازەڕەکانیدا دەڵێ (ژیانی دنیا بە حدس پەی بە پێویستییەکانی خۆی دەبا و لە ساتە هەرە گرنگەکاندا ڕێڕەوەکانی خۆی دیاری دەکا، ئەمەیە کە ناوی دەنێنێن سروش (وحی) پێغەمبەرایەتی، ئەوە بەمە نایەوێ بڵێ کە پێغەمبەرێک دوای محەمەد هەیە، کۆتایی هێنان بە پێغەمبەرایەتی زادەی بیرکردنەوەی زاتییە، بەڵام کە لە دنیادا هێز هەن _ئەگەر بتوانین ناوی بنێین ڕۆحی عالەم یان ئەقڵی یەکەم_ دەزانێ جیهان چیی پێویستە.

ڕەنگە هەر ئەم تەعبیرەی ئیقبال بێ ئیلهامی بە قەشە کینپ کراگ دابێ، کە دەربارەی ئیقبال بڵێ (ئەو زمانحاڵی شتە گرنگەکانی قوڵایی ڕۆحی هاوچەرخییە، حەتمەن سەدەکەمان هەستی بەوە کردووە کە پێویستی پێی هەیە)، ئەمە ڕاستیی قسەکەی ئیقبال دەسەلمێنێ کە دەربارەی شاعیری نموونەیی کردوویەتی، کە دەڵێ (شاعیر دڵە لە سنگی میللەتدا) ئەو شاعیرەی کە لایەنە شاراوەکانی عەشقی داهێنەرمان پێ دەڵێ، ڕاستە پێی بووترێ ئەو دڵە لە سنگی میللەتەکەیدا، بەڵکو لە دڵی هەموو مرۆڤایەتیدا.

ڕێگەم پێ بدەن با دوایی باسەکەم بەم گۆرانییەی بۆ عەشقی داهێنەری لە قەسیدەیەکیدا کە زۆر بەناوبانگە (مزگەوتی قورتبە) کۆتایی پێ بهێنم. ئەم قەسیدەیەی بە زمانی ئۆردی کاتێک کە دەچێت بۆ ئیسپانیا نووسیوە، ئەو لە مزگەوتەکەدا هێزی عەشقی داهێنەری، کە شارستانیی ئیسلامی لە ئیسپانیا، بەڵکو لە هەموو دنیا پێکهێنا دەبینێتەوە.

دەڵێ:

عەشق دڵی سروشە هەناسەیەکی بەهێزە لە سنگی محەمەددا
عەشق ڕەوانەکراوی ڕەحمانە و عەشق وشەی خودای تەعالایە
سەیری ئەو مەخلوقاتانە بکە کە لە قوڕ دروستکراون ئەگەر
خۆشی عەشق بیانگاتێ دەگەشێنەوە
عەشق شەرابە —لەناو دڵندا پارێزراوە-
عەشق پیاڵەی پادشاکانە تینوێتییانی شکاند
عەشق (فقیە)ی مەککەیە عەشق فەرماندەی سوپاکانە
عەشق فرزەندی ڕێگەیە، هەزارەها مەنزڵگەی هەیە
عەشق ئەو پەڕەیە کە ئاواز لە تەلە ڕاکێشراوەکانی ژیان دەردێنێ
عەشق نوری هەڵهاتووی ژیانە
عەشق شوعلەی ژیانە